## یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (١٩٩٩)ی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ١٠**
**مێژووی بڕیار:١٩/٤/٢٠٠٠**

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بە پێی بڕگە (٣)ی ماددە (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩/٤/٢٠٠٠یدا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا.

### یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی «٢٠٠٠»
### یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (١٩٩٩)ی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی هەشتەمی یاساکە هەموار بکرێ، بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

١ـــــ دەستەی گشتی لە هەموو ئەندامانی سەندیکا، یا بریکارەکان، کە بەپێی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە پێکدێت. ئەم دەستە گشتی یەش بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکاکە دادەنرێ و، هەر ٣ (سێ) ساڵیش، جارێ، لە مانگی کانوونی دووەمدا، کۆبوونەوەی گشتیی ئاسایی خۆی لە بارەگای سەندیکاکەدا، بە بڕیارێکی ئەنجومەن و لەسەر

داواکـردنی سـەرۆکی سـەندیکا (نەقـیب) دەگـیّـرێ و، لەو کـۆبوونەوەیەدا، سـەرۆکی سـەندیکا و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگـیش، بۆ ئەندامـیّـتیی ئەنجـومـەن وئەندامـانی لیـژنەی (ئینزیبـات) هەڵدەبژێرێ و، (نصـاب)یش بە ئامادەبوونی دوو لەسێی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتە جێ و، ئەگـەر نەشهـاتە جێ، ئەوا، لەو بارەدا، دوای تێپـەڕبوونی پازدە رۆژ بەسـەر کـۆبوونەوەی یەکەمدا، هەڵبژاردن لە هەمان کات و جێگەدا ئەنجام دەدرێ و (نصاب)یش بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتە جێ و ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، ئەنجـومەنی پێشـتـر، بۆ خولێکی دیکەش بەردەوام دەبێت.

٢ـ ئەگەر هات و، ژمارەی ئەندامانی سەندیکا لە (٥٠٠) ئەندام زیاتر بوو، ئەوا هەڵبژاردنەکە لە ڕێگەی بریکارەکانەوە ئەنجام دەدرێ و، ڕێژەی نواندنیش لە لایەن ئەنجـومـەن یا ئەوەی کـە فـرمـانی هەڵدەسـووڕێنێ، بە ئەندامـانی ئەنجـومـەنی سەندیکاکەشەوە، دیاری دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکـان، پێـویسـتـە حوکـمـەکـانی ئەم یاسـایە بخەنەکار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسـایە، لە ڕۆژی بڕیار لەسـەردانیـیـەوە دەخرێـتە کـارو، لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**